# ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ڕووخانی دامەزراوەییەوە بۆ داڕمانی شەرعییەت

نووسەر: ئەژین بەهرامی

**پوختە**

ئەم وتارە دۆخی قەیراناویی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی دامەزراوەیی و ئیدارییەوە شی دەکاتەوە. بە پێچەوانەی شیکارییە باوەکان کە هۆکاری ناسەقامگیریی ڕێژیم دەگەڕێننەوە بۆ کەمبوونەوەی پشتیوانیی جەماوەری، لاوازبوونی ئایدیۆلۆژی یان شکستی سیاسیی کاتی. ئەم نووسینە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بنەمای قەیران لە داڕمانی ژێرخان و توانای کارگێڕیی ڕێژیمدایە.

شیکاریی وتارەکە لەسەر بنەمای تیۆریی کلاسیکی کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەکان دامەزراوە.هەروەها بە پشتبەستن بە تیۆریی دامەزراوەییی نوێ، وتارەکە نیشان دەدات کە شەرعیەتی دەوڵەت لە سەردەمی مۆدێرندا بە شێوەیەکی نزیک گرێ دراوە بە توانای حوکمڕانی لە ڕێگەی دامەزراوە سەربەخۆ، فەرمی و پیشەییەکانەوە، نە تەنیا بە ڕەزامەندیی سیاسی یان باوەڕی ئیدیۆلۆژیک.

وتارەکە هەوڵ دەدات ئەو تێگەیشتنە پەرە پێ بدات کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانییەوە، بە شێوەیەکی سیستماتیک ئۆتۆنۆمی بیرۆکراتیکی تێک داوە، لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سیاسی، دروستکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی هاوتەریب و بڕیاردانی نافەرمی. ئەمەش سیستەمێکی حوکمڕانی پارچەپارچەی دروست کردووە کە بەرپرسیارێتی تێیدا بڵاو بووەتەوە و دامەزراوە کارگێڕییەکان بە شێوەیەکی فەرمی بوونیان هەیە بەڵام توانای ڕاستەقینەی کارکردنیان نییە. لە ئەنجامدا، شەرعیەت نەک وەک هۆکار، بەڵکوو وەک دەرئەنجامی شکستی دامەزراوەیی دەردەکەوێت.

## پێشەکی

کۆماری ئیسلامی زۆر جار وەک ڕژێمێکی پاوانخواز وەسف دەکرێت کە لەنێو خۆیدا پشتیوانییەکی بەهێز و کۆدەنگییەکی جەماوەری نییە. بەم هۆیەش، بەردەوام ڕووبەڕووی نارەزاییەتی و لاوازبوونی پێگەی جەماوەری دەبێتەوە. ئەم وەسفە، هەرچەندە لە خۆیدا هەڵە نییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی ئەمڕۆی ئێران بەس نییە. ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئێران دەگوزەرێ، تەنیا قەیرانی شەرعییەت، ئایدیۆلۆژیا یان بەشداریی سیاسی نییە. بەڵکوو نیشانەی تێکچوونێکی قووڵترە کە پەیوەستە بە ڕووخانی توانای ئیداریی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی دامەزراوە یەکگرتوو و یاساییەکانەوە. واتە قەیرانەکە تەنها لە ئاستی سیاسی و ڕەفتاری نارەزایەتیدا نییە، بەڵکوو لە ژێرخانی کارگێڕی و شێوازی حوکمڕانیدایە.

ئەم وتارە ئەو گریمانەیە ڕەت دەکاتەوە کە قەیرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا دەرئەنجامی شکستە سیاسییەکانی ئەم دواییە یان کەمبوونەوەی پشتیوانیی گشتی بێت. بە پێچەوانەوە، ئەم نووسینە دەڵێت، دارمانی شەرعیەت دەرئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی ڕووخانی دامەزراوەیی دەسەڵاتێکە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئۆتۆنۆمی بیرۆکراتی تێک داوە و بە کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژی و بەکارهێنانی هێزی سەرکوت، سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆی دروست کردووە. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم شێوازی حوکمڕانییە خودی بنەمای دەوڵەتی دارماندووە. بەم پێیە، کۆماری ئیسلامی چیتر نەک وەک دەوڵەتێکی حوکمڕان، بەڵکوو وەک نەزمێکی سیاسیی کاتی دەردەکەوێت کە شەرعیەتی خۆی لە بواری سیاسی و ئیداری لەدەست داوە و تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی سەرکوت توانیویەتی خۆی ڕابگرێت.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بەردەوام ڕووبەڕووی نارەزاییەتی، قەیرانی ئابووری و فشارە نێودەوڵەتییەکان بووەتەوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە بۆچی نارەزایی زیاتر بووە؛ پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە:

چۆن دەوڵەتێک دەتوانێت لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە هەڵبوەشێتەوە؟

ئەوەی لەم نووسینەدا گرنگە ئەوەیە کە قەیران نەک تەنیا لە ئاستی سەرکوت و نارەزاییی جەماوەریدا دابنرێت، بەڵکوو لە ژێرخانی کارگێڕی دەوڵەتدا بدۆزرێتەوە. کاتێک دامەزراوەکان چیتر ناتوانن بڕیار بە شێوەیەکی یاسایی، یەکگرتوو و پێشبینیکراو جێبەجێ بکەن، دەسەڵاتی فەرمی بەردەوام دەبێت، بەڵام حوکمڕانی لەناوەوە دەشکێت.

بۆ ئەم مەبەستە، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک وەک ڕژێمێک کە تووشی شکستی کاتیی حوکمڕانی بووبێت، بەڵکوو وەک نەزمێکی سیاسی شیکاری دەکرێت کە تێکچوونی دامەزراوەییی درێژخایەنی بە خۆیەوە بینیوە.

زانایانی کۆمەڵناسی لەسەر ئەوە کۆکن کە شەرعیەت تەنیا بە دەستتێوەردانی دەرەکی یان خۆپیشاندان ناڕووخێت. شەرعیەت کاتێک لەناو دەچێ کە دامەزراوە کارگێڕییەکان توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی میکانیزمی یەکگرتوو، یاسایی و پێشبینیکراو لەدەست دەدەن. بۆیە لێرەدا چەمکی شەرعیەت وەک باوەڕ، ڕەزامەندی یان ڕازیکردنی ئایدیۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. شەرعیەت لەم نووسینەدا شتێک نییە کە دەسەڵات تەنها بە ڕای گشتی بەدەستی بهێنێت

یان بە ڕای گشتی لەدەستی بدات؛ بەڵکوو دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەییە کە بە کارکردنی ڕۆژانەی دەوڵەت بەرهەم دێت، و بەو هەمان ڕێگا لە ناو دەچێت کاتێک ئەو کارکردنە لاواز بێت. بە واتایێکی تر، کاتێک سیستەمی کارگێری لە کارکردن دەوەستێت، دەسەڵاتی سیاسی بناغەی پراکتیکی خۆی لەدەست دەدات، هەرچەندە لە ڕووی فەرمییەوە هێشتا "دەسەڵات" بمێنێتەوە.

لەم ناوەرۆکەدا، لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە جیاوازی نێوان دەسەڵاتی یاسایی، عەقڵانی و زاڵبوونی زۆرەملێ دەخرێتە ڕوو. ویبەر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرن لە بنەڕەتدا پشتی بە ئیدارەی بیرۆکراتیک دەبەستێت؛ واتە بە یاسا، لێهاتوویی پیشەیی و سەربەخۆیی دامەزراوەیی[1]. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم بنەمایانە ئەگەر لاواز بن، دەسەڵات لە شێوەی دامەزراوەیی و یاسایی دەچێتە دەرەوە و ناچار دەبێت زیاتر پشت بە فەرمانڕەوایی تاکەکەسی، هێزی تاکڕەوانە و دیکتاتۆرانە ببەستێت. لە لایەکی دیکەوە متمانە بە دامەزراوە و یاسا، لەدەست دەدات و دامەزراوەی ئیدیۆلۆژیک و هێزی سەرکوت دەبنە دەسەڵاتی جێگرەوە. بەم جۆرە، توانای کارگێری تەنیا ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردن نییە؛ بەڵکوو بناغەی شەرعیەتی سیاسییە لە دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا. هەربۆیەش دارمانی ئیداری تەنیا بە مانای "خراپیی حوکمرانی" نایێت، بەڵکوو نیشانەیە لە ڕووخانی بنەمای دەسەڵات.

لە لایەکی دیکەوە، شەرعیەت وەک چەمکێکی فرەڕەهەند، لەژێر ڕۆشنایی تایپۆلۆژیای سوچمان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. تایپۆلۆژییەک کە جیاوازی دەکات لە نێوان شەرعیەتی پراگماتیک، ئەخلاقی و مەعریفی. لێرەدا ئەم دابەشکردنە بۆ ئەوە نییە کە شەرعیەت وەک چەمکێکی ئەبستراکت و دابڕاو لە ڕاستی بخوێنرێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی نیشان بدرێت شەرعیەت چۆن لە ئەدای کارگێری و کارکردی دامەزراوەکاندا دارێژراوە و چۆنیش بە تێکچوونی لاواز دە بێت[2].

شەرعیەتی پراگماتیک، بە شێوەی سەرەکی لەسەر بنەمای سوودی هەستپێکراوی هاووڵاتیان بۆ چالاکییەکانی دەوڵەت دادەنرێت. بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە دەوڵەت دەبێت بتوانێت سەقامگیری ماددی، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەماهەنگی ئابووری دابین بکات. کاتێک دەوڵەت شکست دەهێنێت لە کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان، دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان یان پاراستنی پێشبینیکردنی ئابووری، ئەم ڕەهەندەی شەرعیەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێک دەچێت؛ چونکە ئەوەی هاووڵاتیان وەک "دەوڵەت" دەیبینن، تۆڕێکی گەندەڵیی ناکارامەیە کە توانای بەڕێوەبردنی ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای نییە.

شەرعیەتی ئەخلاقی، پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنە نۆرماتیڤەکانی دادپەروەری، دیموکراسی و پابەندبوون بە یاساکانەوە هەیە. ئەم جۆرە شەرعیەتە کاتێک دەشێویت کە حوکمڕانی ببێتە شتێکی ئارەزوومەندانە و گەندەڵیی سیاسی سەروەر بێت، یان یاسا بە شێوەی هەڵبژێردراو جێبەجێ بکرێت. لە چوارچێوەی ئێراندا، ئەم فۆرمەی شەرعیەت لەژێر کاریگەریی گەندەڵیی بەربڵاو و دامەزراوە ئەمنیەتی و سیاسیەکاندا بە شێوەیەکی

بەرچاو رووخاوە؛ بە جۆرێک کە زۆر جار بڕیارەکانی دەوڵەت لە پراکتیکدا وەک ئەوە هەست پێ دەکرێن کە سوود بە تۆڕە تایبەتییەکانی دەسەڵات دەگەیەنن، نەک بەرژەوەندیی گشتی.

ڕەهەندی سێیەم، شەرعیەتی مەعریفییە کە لەو کاتەدا بوونی هەیە کە دامەزراوەکان وەک ڕێکخەری ”ئاسایی“ و خۆراگری ژیانی بەکۆمەڵ وەردەگیرێن؛ واتە بوونیان و کارکردنیان بە شێوەیەکی سروشتی ”لەنێو مێشک و ڕەفتار“دا دادەنیشێت. بەڵام کاتێک دامەزراوەکان پشتگوێ دەخرێن، یان کاریان پێ ناکرێت، ئەم ڕەهەندەش هەڵدەوەشێتەوە.

ئەم سێ ڕەهەندە لە ڕووی شیکارییەوە جیاوازن، بەڵام لە ڕووی ئەزموونییەوە وابەستەی یەکترن؛ بۆیە شکستی بەردەوامی کارگێڕی دەتوانێت لە یەک کاتدا هەموویان تێک بدات و دارمانی شەرعیەتی کەڵەکەبوو بەرهەم بهێنێت.

بۆ ئەوەی شەرعیەت ڕاستەوخۆ بە توانای حوکمڕانییەوە ببەستینەوە، لێرەدا سوود لە جیاوازیی شارپف وەردەگرێت لە نێوان شەرعیەتی هاتنەژوورەوە، شەرعیەتی پرۆسەیی و شەرعیەتی بەرهەمهێنان[٣]. لە سیستەمی تاکرەودا، کە بەشداریی سیاسی لە ڕووی پێکهاتەییەوە سنووردارە، شەرعیەت بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە توانا و بەرهەم: توانا ئەوەیە کە ڕێکارەکان و یاساکان متمانەپێکراو بن، جیبەجێکردن پێشبینی بکرێت و پرۆسەکان لە ڕووی یاسایی و شەفافیەتەوە ڕێک بخرێن. بەرهەمیش بریتییە لە توانای سیستەم بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت بە شێوەی کارا و کاریگەرانە. بەم پێیە، کاتێک سیستەمی کارگێڕیی یەکگرتوویی، شەفافیەت و متمانە لە کارکردندا لەدەست دەدات، نەک تەنیا دەبێتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتیی گشتی بەڵکوو هەردوو جۆرە شەرعیەتەکە، شەرعیەتی پرۆسەیی (Throughput Legitimacy) و شەرعیەتی بەرهەمهێنان (Output Legitimacy) لە ناوەوە تێک دەچێت.

ئەم دۆخە و میکانیزمە پێکهاتەییەکانی پشت ئەم تێکچوونە لە ڕێگەی تیۆری دامەزراوەیی نوێوەوە ڕوون دەکرێنەوە، بەتایبەتی لە چەمکی جیابوونەوەی دامەزراوەیی (Institutional decoupling). مێیەر و ڕۆوان ئەم جیابوونەوەیە وەک بارودۆخێک وەسف دەکەن کە تێیدا پێکهاتە ڕێکخراوەییە فەرمییەکان بەردەوام دەبن، لە کاتێکدا توانای حوکمڕانی پراکتیکییان لاواز دەبێت[٤]. لە دۆخی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، ئەم شتە بەڕوونی دەری دەخات کە چۆن وەزارەتەکان، دادگاکان و دەزگاکانی ڕێکخستن دەکرێت هێشتا بە شێوەی فەرمی بەردەوام بن، بەڵام لە ناوەوە توانای هەماهەنگی، ڕێکخستن و جێبەجێکردنیان تێک چووبێت. لە لایەکی دیکەوە، دیماجیۆ و پاوڵ نیشان دەدەن کە چۆن ئەم جۆرە دامەزراوە ”بۆشانە“ زۆرجار بە شێوەیەکی ساختە دەپارێزرێن بۆ ئەوەی ڕوخساری هاوتایی و ڕێکخراوی لەگەڵ دەوڵەتدا لەدەست نەدرێت؛ هەر لەو کاتەیشدا کە ئەرکە جەوهەرییەکانیان لە پراکتیکدا لەدەست داوە[٥].

بە تێپەڕبوونی کات، جیابوونەوەی دامەزراوەیی دەتوانێت ببێتە بنەمای ڕووخانی دامەزراوەیی (Institutional decay)، بە تایبەتی کاتێک پرۆسەکانی دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت و قۆرخکاری چڕ دەبنەوە. هێلمان، جۆنز و

کاوفمان باس لەوە دەکەن کە سەپاندنی هێژمونی و قۆرخکاری لەلایەن دەوڵەتەوە زۆرجار لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە ئەکتەرە بەهێزەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک دامەزراوە و یاساکان بۆ سوودی تایبەت یان بۆ گروپ و کۆتلەیێکی دیاریکراو بەکار دەهێنن، یان بە شێوەیەک دایدەڕێژنەوە کە تەنیا سود بەوان بگەیێنێت[6]. لەم جۆرە چوارچێوەیەدا، عەقڵانیەتی بیرۆکراتی و بنەمادای لە کار دەکەون، و جێی خۆیان دەدەن بە تەرخانکردن و بڕیاردارکردنی هەڵبژێردراو؛ ئەمەش جێبەجێکردنی بێلایەنی یاسا و لێپرسینەوە تێک دەدات. لێکۆڵینەوەکان لەسەر کوالێتیی حکوومەتیش نیشان دەدەن کە ئەم داینامیکییانە هەم ئەدای دامەزراوەیی لاواز دەکەن و هەم متمانەی گشتی دەشێوێن[7].

ئەم پرۆسانە، لە کۆتاییدا، بەرەو خراپبوونی سیاسی دەچن. فوکویاما خراپبوونی سیاسی بە دارمانی گونجانی دامەزراوەیی، نۆرمەکانی پیشەیی و توانای حوکمڕانی لەناو نەزمێکی سیاسی پێناسە دەکات؛ بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ڕووخانی دۆخی سیاسی (Political Decay) بە مانای دارمانی دەستبەجێی ڕێژیم نییە[8]. بەڵکوو بارودۆخێکە کە تێیدا دەوڵەت بە شێوەی فەرمی بەردەوام دەبێت، بەڵام بەهۆی پشتبەستن بە هێز و زۆرەملێ، هەوڵی ڕاگرتنی حوکمڕانی نێوخۆیی دەدات، لە کاتێکدا یەکە ئیداری و کارگێڕییەکان ناتوانن خۆیان بپارێزن. لەم جۆرە سیستەمانەدا، هێزی سەرکوت دەتوانێت کۆمەڵگا و خەڵک لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە ڕاگرێت، بەڵام ئەم هێزە ناتوانێت دامەزراوەکان بپارێزێت؛ بە پێچەوانەوە، زۆر جار دەبێتە بەهانەی چڕبوونی ڕووخانیان.

لە کۆتاییدا، مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چوارچێوە تیۆرییە ئاماژەدان نییە بۆ تەنیا ”ڕەخنەگرتن لە حوکمڕانی“، بەڵکوو بۆ شیکردنەوەی دۆخی ئیداری و شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لە ئێرانە. لەم ڕێگایەوە هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا ئەم نووسینە هەوڵ دەدات پشتراست بە زانستی ئیداری و بەڕێوەبردن ئەو بەرچاوڕوونییە بدات کە نەمانی شەرعیەت بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی یان هۆکارە کورتخایەنە دەرەکی و ناوەکییەکان نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامی دارمانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانە. بەهۆی دارمانی ژێرخانی ئیداری، جیابوونەوەی دامەزراوەیی و قۆرخکاری ئیداری، دەوڵەت تووشی دارمانی نێوخۆیی هاتووە، لە درێژماوەدا. لەم بارودۆخەدا دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی توانای زۆرەملێیەوە دەژی، لە کاتێکدا حوکمڕانی ئیداری هەڵوەشاوەتەوە. بەم مانایە، دارمانی شەرعییەت خاڵی دەستپێکی قەیران نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامی ڕووخانی دامەزراوەکانە کە لە ماوەیەکی درێژدا، بەهۆی دارمانی ئیداری، جیابوونەوەی دامەزراوەیی و خراپبوونی سیاسییەوە بەرهەم دەهێنرێت.

## ڕێژیم وەک ڕێکخراوێک کە تووشی دارمانی پێکهاتەیی هاتووە

بۆ ئەوەی قەیرانی شەرعیەت و دارمانی توانای حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستەماتیک تێ بگەین، پێویستە ڕێژیم نەک تەنیا وەک ئەکتەرێکی سیاسی، بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی گەورەی ئیداری و دامەزراوەیی شیکاری بکرێتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، بەڵکوو ئەوەش گرنگە بزانین چۆن دەسەڵات بۆ بڕیار، جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا

دەکرێت بریتییە لەوەی ئایا پێکهاتەی ڕێژیم توانای دروستکردنی حوکمڕانی یەکگرتوو، یاسایی و پێشبینیکراوی هەیە یان نا؟

ئەگەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیەوە سەیری پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕێژیم بکەین، دەبینین کە ڕێژیم هەر لە یەکەم ساڵەکاندا ڕێچکەیەکی دیاریکراوی هەڵبژارد: سنووردارکردنی ئۆتۆنۆمیی دامەزراوەیی و بەستنەوەی هەموو ناوەندەکان بە ناوەندێکی سیاسی-ئیدیۆلۆژیک. ئەمە تەنها هەڵوێستێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو لە دەستووردا بە شێوەیەکی یاسایی دامەزرێنرا. ماددەی نۆی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاماژە بەوە دەکات کە "ئازادی، سەربەخۆیی، یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی وڵات لەیەکتر جیا ناکرێنەوە... و هیچ تاکێک، گرووپێک، یان دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نییە پێشێلی سەربەخۆیی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و سەربازیی یان یەکپارچەیی خاکی ئێران بە بیانووی مومارەسەی ئازادی بکات." ئەم بڕگە دەستورییە لە پراکتیکدا هەر دەستپێکێک بۆ دامەزراندنی ئیدارەی سەربەخۆی ناوچەیی وەک هەڕەشەیەک بۆ یەکێتیی نیشتمانی و دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە دەکات. بە واتایەکی تر، یاسا جێگای خۆی بە ناوەندێکی قەدەغەکردن دەگۆڕێت، نەک ناوەندێکی دابەشکردنی دەسەڵات.

ئەگەر ئەمە بە تیۆریی بیرۆکراسی وێبەر ببەستینەوە، دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بە دامەزراوەی سەربەخۆ، پیشەیی و پابەند بە یاسا هەیە. بەڵام لە ئێراندا، هەر لە سەرەتای ١٩٧٩ەوە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک پاکتاوکردنی فەرمانبەرانی بەئەزموون و دابڕینی یادەوەری ڕێکخراوەیی ئەنجام درا. زۆرێک لە دادوەرەکان، فەرمانبەر و کارگێڕانی پێشوو لە سیستەمەکە دەردەکران و شوێنیان بە کەسانی پابەند بە ئیدیۆلۆژی و جێگەی متمانەی ڕێبەری باڵا درا. ئەمە تەنیا گۆڕینی کەسایەتی نەبوو؛ بەڵکوو شلکردنی بنەمای عەقڵانییەتی بیرۆکراتی بوو. نموونەیەکی پراکتیکی دیاریکراو دامەزراندنی دادگاکانی ئینقلاب بوو لە ساڵی ١٩٧٩. ئەم دادگایە لە دەرەوەی سیستەمی دادوەریی ئاسایی دروست کرا و بڕیارەکانی زۆرجار لەسەر بنەمای یاسای کۆدکراو نەبوون، بەڵکوو لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئیدیۆلۆژیک و سیاسی دەردەچوون. بەم شێوەیە، یەکەمین بناغەی پێکهاتەی "هاوتەریب" دروست بوو کە کەناڵی فەرمی تێپەڕاند.

لە هەمان کاتدا، دامەزراوەییکردنی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی لە دەستووردا (ماددەی ١٥٠) وەک ناوەندێکی ئەمنی سەربازیی هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت لە ناو پێکهاتەی ڕێژیمدا چەسپاند، کە لە دەرەوەی چوارچێوە یاسایی و بیرۆکراتییەوەکان کار دەکات[٩]. سپا نەک تەنها وەک هێزێکی سەربازی، بەڵکوو وەک ناوەندێکی ئیدیۆلۆژیک و پاراستنی "ئینقلاب" پێناسە کرا. ئەمە واتای ئەوە بوو کە لە تەنیشت ئەرتەشی فەرمی، هێزێکی هاوتەریب دروست بوو کە پابەندبوونی بە یاسا و پلەبەندیی بیرۆکراتی سنووردار بوو. ناوەندی (خاتم‌الانبیاء) ی سەر بە سپا، یەکێک لە گەورەترین گرێبەستەکانی ژێرخانی ئابووریی لە ئێراندا بەدەستەوەیە. وەک پرۆژەکانی نەوت، گاز، بەندەر و ڕێگا سەرەکییە بازرگانییەکان. هەندێک هەڵسەنگاندن نیشان دەدەن کە دامەزراوەکانی سەر بە سپا و بونیادەکان

کۆنترۆڵی نزیکـــەی چواریەکـــی ئابووری ئێـــران دەکـــەن، بەبێ بوونـــی چاودێریی یاســـایی لە لایەن پەرلەمان یـــان ناوەندە یاساییەکانی تر.

هەروەهـــا ناوەنـــدە گەورەکانـــی وەک (بنیاد مســـتضعفان انـــقلاب اسلامی) کە بە دووەم گەورەترین دامـــەزراوەی ئابووری ئێـــران دادەنرێت، لە دەرەوەی سیســـتەمی باجـــی گشـــتی و چاودێـــری کار دەکەن و راســـتەوخۆ لەژێـــر ئیرادەی رێبـــەری باڵا (خامنەیی)دایـــە. ئەمـــە سیســـتەمێکی حوکمڕانی پارچەپارچەی دروســـت کردووە کە تێیدا بەرپرســـیارێتی قـــۆرخ کراوە و زنجیـــرەی ڕوونی بڕیـــار و جێبەجێکردن هەڵوەشـــاوەتەوە. لـــە ڕوانگـــەی تیۆریی دامەزراوەیی نوێـــوە، ئەم دۆخە نموونەیەکی ئاشـــکرا بۆ (Institutional decoupling ـــە، کە پێداگری لەســـەر بوونی پێکهاتە فەرمییەکان دەکات لـــە کاتێکدا کە توانای پراکتیکیـــان نییە.

دامـــەزراوە هاوتەریبـــەکان لـــە بنکە ئاینییەکان و ئۆرگانـــە ئەمنییەکانەوە بگرە تـــا گرووپە چەکدارە توندـــڕەوەکان هەر لە ســـەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمدا بە مەبەستی پاراســـتنی ڕێژیم نەک پاراستنی هاووڵاتیان لە پێکهاتەی دەســـەڵاتدا چەســـپێنرابوون، بە شـــێوەیەک کـــە کەناڵـــە بیرۆکراتییە فەرمییەکانیـــان تێپەڕانـــد. ئەم شـــێوازە سیســـتەمێکی حوکمڕانـــی پارچەپارچەی دروســـت کرد کـــە تێیدا بەرپرســـیارێتی قۆرخکرابوو، لێپرســـینەوە بوونی نەبوو، هیچ زنجیرەیەکی ڕوونی بڕیـــار و جێبەجێکردن لە جێـــی خـــۆی کاری نەدەکرد.

لـــەو ڕوانگەیەوە، ئەوەی لە زانســـتی بەڕێوەبردنـــدا زۆر جـــار وەک دارمانی دواتر (Subsequent Erosion) باســـی لـــێ دەکرێت، نابێـــت وەک دابەزینی دامەزراوەیی لـــە سیســـتەمێکی ســـەربەخۆ و کارا تێ بگەین. بە پێچەوانەوە، لـــە دۆخی کۆماری ئیسلامیـــدا دارمانی ئیـــداری بەردەوامی دیزاینێکی ســـەرەکی بـــوو. دامـــەزراوە کارگێڕییەکان هەرگیـــز ڕێگەیان پێ نەدرا ســـەربەخۆیی، نۆرمەکانی پیشـــەیی یان یـــادەوەری ڕێکخراوەیی پـــەرە پێ بدەن؛ بەڵکـــوو لە ژێـــر چاودێریـــی ئایدیۆلۆژی مەزهەبی و هەڕەشـــەی سیاسیدا، کارکردنیان ســـنووردار کرا.

بـــە تێپەڕبوونی کات، ئـــەم جیابوونەوە دامەزراوەیییـــە بـــوو بە بنەمـــای دارمانی قووڵتـــری دامـــەزراوەکان. وەزارەتـــەکان، دادگاکان و دەزگاکانـــی ڕێکخســـتن لـــە ڕووی فەرمییـــەوە بەردەوام بـــوون، بەڵام لـــە ناوەوە بۆش بـــوون و زیاتـــر ڕواڵەتیان هەبـــوو. بڕیاردان لە ڕێـــکارەکان، لە جیاتی پشتبەســـتن بە یاسا نووســـراوەکان، زیاتر لە ڕێگـــەی دەســـتتێوەردانی ئیختیاری، موزایـــەدەی نافەرمـــی و جێبەجێکردنی زۆرەملێ بەڕێـــوە چوو. ســـەرکوت، کە لە ســـەرەتادا وەک ئامێرێکی کاتی بەکارهاتووە، بە شـــێوەیەکی بنەمایی دامەزراوەیی کرا و گۆڕا بـــە بنەمـــای حوکمڕانی.

بەم پێیـــە، ناکرێت دۆخـــی کۆماری ئیسلامـــی بە شـــێوەیەکی ســـادە وەک گواســـتنەوە لە ڕێژیمێکی ئیداریی چالاک بـــۆ ڕێژیمێکـــی ناکارامـــە خوێندنەوەی بـــۆ بکرێـــت. بـــە پێچەوانەوە، هـــەر لە ســـەرەتای خۆســـەپاندنییەوە بناغەکانـــی کارکردنـــی دامەزراوەیی شـــل بـــوون. لە مـــاوەی چـــوار دەیـــەدا، ئەو شـــلبوونە ســـەرەتاییە بە دارمانێکی ئیداری گشتگیر گـــۆڕا؛ دارمانێـــک کە نـــەک دەرئەنجامی هەڵەیەکـــی کورتخایەن، بەڵکـــوو ئەنجامی ڕێکخســـتنیەکی بنەڕەتـــی و درێژخایەنە.

ڕێژیم وەک ڕێکخراوێک هێشتا هەبوونی فەرمیی خۆی پاراستووە، بەڵام وەک سیستەمێکی ئیداری کارا چیتر کار ناکات. ئەم دۆخە بنەمای ئەو قەیرانەیە کە لە بەشەکانی دواتردا وەک قۆرخکاری، گەندەڵی، دارمانی ئابووری و شکستی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان دەردەکەوێت. ئەم دیاردەیە پشتڕاستی ئەو گریمانەیە دەکاتەوە کە لاوازبوونی کارگێڕی، بنەمای تێکچوونی شەرعیەت دروست دەکات.

## قۆرخکاری، گەندەڵی و بەدەستەوەگرتنی حوکمڕانی

دارمانی دامەزراوەیی لە کۆماری ئیسلامیدا تەنها دەرئەنجامی لاوازبوونی کارگێڕی نییە؛ بە پێچەوانەوە، ئەم لاوازبوونە بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەهۆی قۆرخکاری و گەندەڵی دریژخایەن پەرە دەستێنێت. لەم دۆخەدا، گەندەڵی نابێت وەک دەرئەنجامی لادانی نۆرمەکان یان شکستی ئەخلاقی تاکەکان تێ بگەین، بەڵکوو وەک میکانیزمێکی حوکمڕانی کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەسەڵات، سەرچاوە و بڕیارەکان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو دابەش دەکرێن.

لە سیستەمێکدا کە دامەزراوە فەرمییەکان جیابوونەوەیان بە خۆیانەوە بینیوە و زنجیرەی بەرپرسیارێتی شکێنراوە، ئەکتەرە بەهێزەکان دەتوانن بەئاسانی یاسا و ڕێساکان بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان بگۆڕن یان پشتگوێ بخەن. ئەم دیاردەیە، کە لە زانستی سیاسی و ئیداری وەک بەدەستەوەگرتنی دەوڵەت (state capture) ناسراوە، لە ئێراندا بە شێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت.

بڕیارە ئابووری و کارگێڕییە گرنگەکان، لە جیاتی ئەوەی لە ڕێگەی پرۆسەی یاسایی و بێلایەنەکانەوە دەربکرێن، زۆرجار لە ژێر کاریگەری تۆڕە ئەمنییەکان، ناوەندە هاوتەریبەکان و گرووپە نزیکەکانی دەسەڵاتداراندا بڕیاردان لەسەریان دەدرێت. نموونەیێکی دیاری ئەم دیاردەیە لە ئێراندا، فرۆشتنی ئیمتیازی هێڵی پەیوەندیی نیشتمانی (TCI)ی لە ساڵی ٢٠٠٩ بە کۆمپانیای (اعتماد مبین) بوو. کە کۆمپانییێکی سەر بە سپای پاسدارانە[١٠].

لەو فرۆشتنەدا، ٥٠٪+١ پشکی کۆمپانیاکە بە نرخێکی زۆر گەورە لە بازاڕی بۆرس فرۆشرا بە کۆمپانیای ناوبراو. ئەم ڕووداوە تەنها "فرۆشتنی کۆمپانیا" نەبوو؛ بەڵکوو گواستنەوەی ژێرخانی ستراتیژی (پەیوەندی، داتاکۆنترۆڵ، و توانای چاودێری) بۆ تۆڕێکی نیمچە-دەوڵەتی/ئەمنی بوو[١١]. بەم شێوەیە، بڕیارێک کە دەبوو بە پرۆسەی یاسایی و کێبڕکێی بازاڕی بەڕێوە بچێت، لە ڕاستیدا بۆ "تۆڕی دەسەڵات" ڕێک خرا. ئەمەش وەک نموونەیەکی ڕوون دەسەلمێنێت کە چۆن قۆرخکاری دەتوانێت بە ناوی "ڕیفۆرم" و "بازارکردن" سامانی گشتی بۆ ناوەندی ئەمنی بگوازێتەوە و زنجیرەی لێپرسینەوە و شەفافیەت تێک بدات.

بزوێنەری ناوەندی دارمانی دامەزراوەیی لە ئێراندا قۆرخکردنی سەرچاوە ئابووری و کارگێڕییەکانە. بەشێکی بەرچاو لە ئابووری وڵات لە ژێر کۆنترۆڵی ئەکتەرە نیمچەدەوڵەتییەکاندایە کە نە تەنیا لە دەرەوەی چاودێریی شەفاف کاردەکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە هەر جۆرە لێپرسینەوەی یاسایی و دارایی دوورخراونەتەوە. لەم دۆخەدا،

بازاڕە كێبڕكێكارەكان شوێنیان داوە بە تۆڕە قۆرخكارییە سیاسییە پارێزراوەكان و خزمەتگوزاری گشتی، لە جیاتی ئەوەی ئامێرێكی حوكمڕانی كارا بن، گۆڕاون بە ئامرازێك بۆ دووبارە دابەشكردنەوەی سەرچاوەكان لەنێوان دەستوپێوەندە دیاریكراوەكانی دەسەڵات.[١٢]

نموونەیەكی تر كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ قۆرخكاری و گەندەڵی وەك میكانیزمی حوكمڕانی دەسەڵمێنێت، "ستادی اجرایی فرمانی امام" (Setad/EIKO) ـە. بەپێی لێكۆڵینەوەی درێژخایەنی ڕۆیتێرز، ئەم ناوەندە لە ماوەیەكی كەمدا توانیویەتی بە پشتبەستن بە بڕیارە نافەرمییەكانی دادگا و پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی موڵك، كۆمەڵێك سامانی گەورە كۆ بكاتەوە و بە دەستەواژۆیێكی دارایی بگۆڕێت كە بەهاكەی "نزیكەی ٩٥ ملیار دۆلار" هەڵسەنگێنراوە[١٣]. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە كە گەندەڵی تەنها وەك "لادانی نۆرم" دەرناكەوێ؛ بەڵكوو بە شێوەی سیستەماتیك، یاسا و دادگا دەبنە ئامێری گواستنەوەی سەرچاوە بۆ تۆڕی دەسەڵات. لەو چوارچێوەیەدا، دامەزراوە فەرمییەكان هەبوونیان پاراستووە، بەڵام ناوەڕۆكیان "بۆش" دەبێت. دەستەی دادوەری و ڕێكخستن بە كردارێكی بێلایەن كار ناكات؛ بەڵكوو بە ئامێری قۆرخكاری و پاراستنی هێژمونی پشتئەستورە.

لەو چوارچێوەیەدا، گەندەڵی دیاردەیێكی لاوەكی نییە؛ بە پێچەوانەوە، گەندەڵی میكانیزمێكی بنەڕەتیی حوكمڕانییە. وەك ئامرازێك كار دەكات بۆ تەرخانكردنی دەسەڵات، پاداشتدانی دڵسۆزی و دوورخستنی دژایەتی. كاتێك دامەزراوە ڕێكخەرەكان لاواز دەبن، ڕێژیم توانای جێبەجێكردنی یاسا و ڕێساكان بە شێوەی بێلایەنانە لەدەست دەدات. ئەم شێوازەی حوكمڕانی ئابووری، لە ڕووی ئەزموونییەوە، سیستەمێكی نائاسایی و ناسەقامگیری دروست كردووە كە تێیدا سنوورەكانی نێوان بازار، دەوڵەت و تۆڕە دەسەڵاتدارەكان تێك دەچێت.[١٤]

ئەنجامی ئەم داینامیكییانە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەكی ڕوون دەركەوتووە. ئێران تووشی هەڵاوسانی بەردەوام لە سەرووی ٤٠ لە سەد بووە، دراوەكەی بە شێوەی بەردەوام دارماوە و قەیرانە بانكییەكان بوونەتە ڕووداوێكی دووبارە. هەروەها دامەزراوە داراییە گەورەكان، كە دەبوو بنەمای سەقامگیریی دارایی بن، تووشی ئیفلاس و لاوازبوونی كاریگەرانە بوون. هەڵسەنگاندنە داراییە نێودەوڵەتییەكان نیشان دەدەن كە ئەم قەیرانانە ئەنجامی شۆكە كورتخایەنەكان نییە؛ بەڵكوو دەرئەنجامی لاوازبوونی حوكمڕانی دراوی و دارایی لە ڕووی پێكهاتەییەوە.[١٥]

بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان قۆرخكاری/لاوازبوونی ڕێكخستن و دارمانی شەرعیەتی پراگماتیك بە شێوەیەكی پراكتیكی ببینرێت، قەیرانی دامەزراوە داراییە ناڕەسمییەكان وەك نموونەیەكی (Caspi-an) زۆر ڕوونە. لە ساڵی ٢٠١٧دا، سەدان هاووڵاتی لە كاتێكدا كە سەركەوتوو نەبوون لە وەرگرتنەوەی وەدیعە و پاشەكەوتەكانیان، لەپێش بانكی ناوەندی (مركزی) لە تاران كۆبوونەوە و بەتوندی داوای "گەڕاندنەوەی پارە"یان كرد.[١٦]

ئەمە لە ئاستی تیۆرییەوە واتای ئەوەیە كە دەوڵەت لە یەكێك لە بنەڕەتیترین ئەركەكانی (پاراستنی سلمان و متمانەی دارایی) شكستی هێناوە. لە

کاتێکدا قەیرانە داراییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبنەوە ڕووداوێکی ئاوا ئاسایی نامێنێت. هاووڵاتی دەوڵەت وەک حوکمڕانێکی ناکارامە و ڕووخاو دەبینێت و شەرعیەتی پراگماتیک تێکدەچێت.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم دۆخە دارمانی شەرعیەتی پراگماتیک دروست دەکات. کاتێک دەوڵەت نەتوانێت دراو سەقامگیر بکات، پاشەکەوتەکانی هاولاتیان بپارێزێت یان دامەزراوە داراییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە ڕێک بخات، ئەوە شەرعیەتی خۆی وەک حوکمڕانێکی کارا لەدەست دەدات. لەم بارودۆخەدا، سیاسەتی ئابووری چیتر وەک ئامێرێکی حوکمڕانی کار ناکات؛ بەڵکوو بووەتە بەرێوەبردنی زنجیرەیەک لە قەیرانەکان. ئەم شێوازەش تێروانینی گشتی بۆ ناکارامەیی دامەزراوەیی بەهێز دەکات و بنەمای شەرعیەت لە ناوەوە تێک دەدات.

کەواتە قۆرخکاری و گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا نابێت وەک قەیرانێکی لاوەکی تێ بگەین، بەڵکوو وەک میکانیزمە بنەڕەتییەکان کە جیابوونەوەی دامەزراوەیی بەردەوام دەکەن و دارمانی حوکمڕانی قووڵتر دەکەن دەبێ لەبەرچاو بگیرێ

## دارمانی کارگێری لە ژیانی ڕۆژانەدا

ئەنجامی قۆرخکاری و جیابوونەوەی دامەزراوەیی زیاتر لە هەموو شتێک لە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیاندا دەردەکەوێت. کاتێک پێکهاتە کارگێڕییەکان نەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو، پێشبینیکراو و یاسایی کار بکەن، کارلێکی ڕۆژانەی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان گۆڕینی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت. لەم دۆخەدا، هاووڵاتیان دەوڵەت چیتر وەک ناوەندێکی خزمەتگوزار و ڕێکخەر ناناسن، بەڵکوو وەک ئەکتەرێکی هەڵبژێردراو، دوورەدەست و زۆرجار نائاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

یەکێک لە ڕوونترین شوێنەکانی ئەم دارمانە، سیستەمی دادوەرییە. کاتێک دادگاکان لە چاوی زۆربەی هاووڵاتیاندا نەک وەک پەناگەی دادپەروەری و بێلایەنی، بەڵکوو وەک ناوەندێکی سیاسی و سەرکوتکار دەبینرێن، بنەمای متمانەی یاسایی لە ناوەوە تێک دەچێت. بڕیارە دادوەرییەکان زۆر جار وەک ئەوە هەست پێ دەکرێن کە لەسەر بنەمای دەستوپێوەندی سیاسی، ئایدیۆلۆژیک یان ئەمنی دراون، نەک بەپێی یاسا و ڕێکارە دادپەروەرییەکان. ئەم دۆخە، نەک تەنیا شەرعیەتی ئەخلاقی دەشێوێنێت، بەڵکوو شەرعیەتی مەعریفییش لاواز دەکات؛ چونکە دادگا وەک دامەزراوەیەکی "ئاسایی" لە مێشکی کۆمەڵگادا نامێنێت.

لە بواری خزمەتگوزارییە گشتیەکانیشدا، دارمانی کارگێری بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە. پرۆسەی وەرگرتنی مۆڵەت، تۆمارکردنی کار، گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان یان چارەسەری کێشە ژێرخانییەکان، زۆر جار بەپێی پەیوەندیی کەسی و تۆڕە نافەرمییەکان بەرێوە دەچن، نەک بەپێی مافی یاسایی و ڕێکارە ڕوونەکان. ئەم شێوازەی کارکردن، پێشبینی و یەکسانی کارلێکی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەتدا تێک دەدات و بنەمای متمانەی دامەزراوەیی لاواز دەکات.

دارمانی کارگێری لە بوارە ژێرخانییەکانیشدا دەردەکەوێت. دووبارەبوونەوەی پچڕانی کارەبا، کێشەی کەمیی ئاو لە ناوچەکانی وەک خوزستان و ئیسفەهان، و نەبوونی هیچ پلانی ستراتیژی درێژخایەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، هەموویان نیشانەی ئەوەن

که ئەم کێشانە نە دەرئەنجامی شۆکە کاتییەکانن، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی دارمانی درێژخایەنی توانای پلاندانان و جێبەجێکردنی دامەزراوەیین. تەنانەت لە کاتێکدا کە زانیاریی تەکنیکی هەیە، دەوڵەت ناتوانێت بەهۆی لاوازبوونی هەماهەنگی و دەسەڵاتی دامەزراوەیی، وەڵامی کارا بداتەوە.

ئەم دۆخە لە توێژینەوە ئەزموونییەکانیشدا پشتراست کراوەتەوە. توێژینەوەیەک کە لە چوارچێوەی حوکمڕانی سامانە سروشتییەکان (Natural Resource Governance Framework – NRGF) کەڵک وەردەگرێت بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانی سامانە سروشتییەکان لە ئێران، نیشان دەدات کە تەنانەت دەزگا فەرمییەکانیش هەماهەنگی کاریگەر، توانای تەکنیکی و توانای جێبەجێکردنیان نییە. ئەم سنووردارییە دامەزراوەییە بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان، ڕەنگدانەوەی هەمان داینامیکی جیابوونەوەی دامەزراوەییە کە لە بواری ئابووری و دارایی دەبینرێت.[١٧]

ئەنجامی ئەم دۆخە لە ئاستی ئەزموونییەوە بریتییە لە گۆڕانی ڕەفتاری هاووڵاتییان. کاتێک دامەزراوەکان چیتر وەک ناوەندە بێلایەن و متمانەپێکراوەکان کار ناکەن، هاووڵاتییان پەنا دەبەنە بەر چارەسەرە نافەرمییەکان: پەیوەندیی کەسی، بەرتیل، دەستوپێوەندی سیاسی یان هێزی ئەمنی. بەم شێوەیە، ئەو شێوازەی کە دەوڵەت خۆی دروستی کردووە، لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە و جیابوونەوەی دامەزراوەیی خۆی پەرەسەند دەکات.

لەو ڕوانگەیەوە، دارمانی کارگێڕی لە ژیانی ڕۆژانەدا تەنیا بە مانای ناکارامەیی خزمەتگوزاری نییە، بەڵکوو بریتییە لە تێکچوونی ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییەی کە دەبێت نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان هەبێت. کاتێک ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای یاسا، یەکسانی و پێشبینیپذیری دامەزرابوو، شەرعیەت بە شێوەیەکی ئاسایی دروست دەبوو. بەڵام لە دۆخی ئێستادا، ئەم پەیوەندییە بەردەوام لە ناوەوە تێکدەچێت و شەرعیەت وەک دەرئەنجامی شکستی کارگێڕی هەڵدەوەشێتەوە.

## دارمانی شەرعیەت وەک دەرئەنجامی شکستی کارگێڕی

بۆیە قەیرانی شەرعیەتی کۆماری ئیسلامی نابێت وەک ڕووداوێکی لەناکاو یان دەرئەنجامی نارەزاییەکی سیاسی کورتخایەن تێبگەین، بەڵکوو وەک ئەنجامی کەڵەکەبووی شکستی کارگێڕی و ئیداری. کاتێک دەوڵەتێک چیتر ناتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی پێشبینیکراو پێشکەش بکات، یاسا جێبەجێ بکات و حوکمڕانی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و متمانەپێکراو بەڕێوە ببات، شەرعیەت لە چەندین ڕەهەنددا لە یەک کاتدا تووشی لەناوچوون دەبێت.

وەک لە بەشەکانی پێشوو نیشان درا، کاتێک دامەزراوە کارگێڕییەکان نەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو، یاسایی و پێشبینیکراو کار بکەن، دەوڵەت توانای خۆی بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لەدەست دەدات. ئەم شکستی کارگێڕییە، لە یەک کاتدا، سێ ڕەهەندی سەرەکی شەرعیەت لاواز دەکات: شەرعیەتی پراگماتیک، شەرعیەتی ئەخلاقی و شەرعیەتی مەعریفی.

ئەم پرۆسەیە بە هێواشی و بە شێوەیەکی کەڵەکەبوو پەرە دەستێنێت.

ســـەرەتا، شـــەرعیەتی پراگماتیـــک تێک دەچێـــت؛ چونکـــە حوکمڕانی شکســـت دەهێنێت لـــە دابینکردنی ســـەقامگیری مـــاددی و ڕێکخســـتنی ژیانـــی ئابووری. دواتـــر، نادادپەروەریـــی بـــەردەوام و جێبەجێکردنـــی هەڵبژێـــردراوی یاســـا شـــەرعیەتی ئەخلاقـــی دەشـــێوێنێت. لـــە کۆتاییدا، لەگـــەڵ ئاســـاییبوونەوەی تێکچوونی کاری دامەزراوەکان، شـــەرعیەتی مەعریفی هەڵدەوەشـــێتەوە: دەوڵەت چیتر نـــە وەک ڕێکخـــەری سروشـــتی ژیانی بەکۆمەڵ دەبینرێت و نـــە وەک دابینکەری سەقامگیری و خۆشـــگوزەرانی هاوڵاتیان. [١٨]

لەم قۆناغەدا، دەســـەڵاتی سیاســـی بە ڕوونی هەســـت بەوە دەکات کە ئۆرگانەکانی دەوڵەت و دامـــەزراوە حکوومییەکان چیتر ناتوانن ئـــەرک و فەرمانـــەکان بە ڕێڕەوی ئاسایی وەکوو پێشـــوو جێبەجێ بکەن. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەماســـییە، پەنا دەباتە بـــەر جێبەجێکردنی فەرمان بـــە زۆرەملێ، هەڕەشـــەکردن و بەرتیلدان بەو ئەکتەرانەی کە لە ســـایەی ئەو گەندەڵییەی سیســـتەم دروســـت بوون، بوونەتە هێـــزی هاوتەریب یان هێزی دەستڕۆیشـــتوو. [١٩] بەم شێوەیە، ڕێژیم لـــە ژیاندا دەمێنێتـــەوە، نەک لەبەر ئـــەوەی توانا بێت شـــەرعیەتی خۆی نوێ بکاتـــەوە، بەڵکـــوو لەبەر ئـــەوەی هێزی سەرکوتکردنی لەدەستدایە.

دامەزراوە دادوەری و کارگێڕییەکانیش هەر لە هەمـــان چوارچێـــوەدا کار دەکەن. دادگاکان، بە شـــێوەیەکی گشـــتی، زیاتر لە ناوەند و کەســـایەتییە سیاســـییەکانەوە هێلکـــەی بڕیـــار وەردەگرن. سیســـتەمی مامەڵـــە و خزمەتگوزارییـــە ئیدارییەکانیش بـــۆ هاووڵاتیان، لـــە ڕێگـــەی میکانیزمە ئیختیـــاری و نافەرمییەکانـــەوە کاردەکات. دەستڕاگەیشـــتن بـــە دادپـــەروەری و خزمەتگوزارییە گشـــتیەکان، لـــە جیاتی ئـــەوەی لە ئیختیـــاری یاســـا و دامەزراوە بێلایەنـــە گشـــتیەکاندا بێـــت، زۆر جار پەیوەست دەبێت بە دەســـتوپێوەندی تاکە دەستڕۆیشتوە سیاســـییەکان، کەسایەتییە نیزامییە پایەبـــەرزەکان، پیاوانی ئایینی و ئەو تۆڕانـــەی کە نزیکن لە ســـەرانی پارێزەری ڕژێم.

ئەم دۆخـــە نوێنەرایەتیـــی تێکچوونی شـــەرعیەتی ئەخلاقـــی دەکات. کاتێـــک یاســـا دەبێتـــە شـــتێکی ئارەزوومەندانە و جێبەجێکردنی یاســـا تەنیا وەک نیشانەی دڵســـۆزی یان قازانجی تاکەکەس ســـەیر دەکرێت، نـــەک وەک ئەرکێکی گشـــتی و پابەندییەکـــی نۆرماتیـــڤ، دامـــەزراوەکان دەســـەڵاتی ئەخلاقـــی و نۆرماتیڤی خۆیان لەدەســـت دەدەن. [٢٠]

ئەم ســـێ ڕەهەندە لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازن، بـــەڵام لـــە ڕووی ئەزموونییەوە لێک گـــرێ دراون. شکســـتی بەردەوامی کارگێـــڕی دەتوانێـــت لـــە یـــەک کاتدا هەموویان تێک بدات و قەیرانی شـــەرعیەتی کەڵەکەبوو بەرهەم بهێنێت. لـــەم مانایەدا، شـــەرعیەت نە شتێکی ســـەربەخۆیە و نە تەنیـــا دەرئەنجامی ڕای گشـــتی؛ بەڵکوو بەرهەمی پرۆســـەیەکی ڕێکخراوەیە کە لە ڕێگەی کارکردنی دامەزراوەکانەوە دروســـت دەبێت یـــان دەڕوخێت.

جیاوازیی شـــاریف لە نێوان شەرعیەتی پرۆســـەیی (Throughput) و شـــەرعیەتی بەرهەمهێنـــان (Output) ئـــەم پەیوەندییە بـــە شـــێوەیەکی ڕوونتـــر دەردەخـــات. کاتێک پرۆســـەی بڕیاردان شـــەفافیەت، پێشـــبینیپەزیری و بێلایەنی لەدەســـت دەدات، شـــەرعیەتی پرۆســـەیی تێـــک دەچێـــت؛ و کاتێک سیاســـەتەکان ناتوانن

دەرئەنجامـــی کارا و ســـەقامگیر بهێنـــن، شـــەرعیەتی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێتەوە. لە سیســـتەمێکی تاکڕەودا کە شەرعیەتی هاتنـــەژوورەوە (Input legitimacy) بـــە شێوەیەکی ســـاختە یان ســـنووردارە، ئەم دوو ڕەهەنـــدە بوونەتە بنەمای ســـەرەکیی شەرعیەت؛ بۆیە تێکچوونیان کاریگەرییەکی گـــەورە هەیە.

لەم دۆخەدا، دەســـەڵاتی سیاســـی بۆ پڕکردنـــەوەی ئـــەو کەماســـییەی کە لە توانـــای کارگێڕی دروســـت بـــووە، زیاتر پشـــت بە هێزی ســـەرکوت دەبەستێت. ســـەرکوت لێرەدا نەک وەک نیشانەی هێز، بەڵکـــوو وەک جێگـــرەوەی حوکمڕانی کارا دەردەکەوێـــت. هەروەها، ئەم شـــێوازە بە شێوەیەکی پارادۆکســـیکاڵ، خۆی بۆخۆی دارمانی شـــەرعیەت خێراتر دەکات؛ چونکە ترس ناتوانێت شـــوێنی متمانە، و زۆرەملێ ناتوانێت شـــوێنی یاسا بگرێت.

دارمانی شـــەرعیەت لەم نووســـینەدا خاڵی دەســـتپێکی قەیران نییـــە، بەڵکوو خاڵی کۆتایـــی پرۆســـەیەکی درێژخایەنی شکســـتی کارگێڕی و دامەزراوەییە. کۆماری ئیسلامی دەتوانێـــت لـــە کورتخایەندا لە ڕێگەی ســـەرکوتەوە کۆنترۆڵی سیاســـی پاراســـتوو بێت، بەڵام ناتوانێت لە بنەڕەتدا شـــەرعیەتێکی نوێی دامەزراوەیی دروست بکات، بەبـــێ دووبارە بنیاتنانـــەوەی توانای حوکمڕانی.

## کاتێک سەرکوت جێگەی حوکمڕانی دەگرێتەوە

کاتێک توانـــای کارگێـــڕی و دامەزراوەیی دەوڵـــەت لـــە جێبەجێکردنـــی بڕیـــار، دابینکردنـــی خزمەتگوزاری و پاراســـتنی توانـــای پێشـــبینی شکســـت دەهێنێت، دەســـەڵاتی سیاســـی بۆ بەردەوامبوون ناچار دەبێـــت پەنـــا بباتە بـــەر ئامرازێکـــی دیکە. لەم دۆخەدا، ســـەرکوت جێـــگای حوکمڕانی ئاســـایی دەگرێتەوە. ئەم گواســـتنەوەیە نە تەنیا تاکتیکییە، بەڵکوو گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوازی دەســـەڵاتداریکردنە: گواســـتنەوە لە حوکمڕانی لـــە ڕێگـــەی دامەزراوەکانەوە بـــۆ کۆنترۆڵ لە ڕێگەی هێز. ئەگەر ئەم دۆخـــە لە چوارچێوەی تیۆرییەوە بخوێنرێتەوە، ئەوا بە باشـــترین شێوە لەگەڵ چەمکی Political decay ـی فوکویاما یەک دەگرێتـــەوە. لە ڕوانگـــەی فوکویاما، خراپبوونی سیاســـی کاتێـــک ڕوو دەدات کە دامـــەزراوەکان ناتوانـــن خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییـــە کۆمەڵایەتـــی و ئابوورییەکان بگونجێنن یان لەژێر کاریگەریی قۆرخکاری و تۆڕە دەســـەڵاتدارەکانەوە بـــۆش دەبن.

نموونەیەکـــی ڕوونی ئـــەم داینامیکە نارەزایەتییەکانی ســـاڵی ٢٠١٩ یە، کاتێک بڕیاری لەنـــاکاوی زیادکردنی نرخی بەنزین لە لایـــەن دەوڵەتـــەوە بەبێ پرۆســـەی شەفاف، گفتوگۆی گشـــتی یان ئامادەکاری دامەزراوەیـــی ڕاگەیێنـــدرا. ئەنجامی ئەم بڕیـــارە، کـــە لەژێـــر قەیرانـــی دارایی و هەڵاوسانی بەرزدا درا، شـــەپۆلێکی فراوانی نارەزایەتی بوو لە زیاتر لە ١٠٠ شـــار. بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕۆیتێـــرز، هێزە ئەمنییەکان لە ماوەی چەنـــد ڕۆژێکدا ســـەدان خەڵکیان کوشـــت، کە ژمارەی کـــوژراوان تا نزیکەی ١٥٠٠ کەس هەڵســـەنگێنراوە.[٢١]

لـــە سیســـتەمە دیموکراتیکەکانـــدا، نارەزایەتییەکان وەک نیشـــانەی کێشـــەی حوکمڕانـــی وەردەگیـــران و لـــە ڕێگەی پێداچوونەوە، گفتوگۆ و چاکســـازییەکانەوە مامەڵـــەی لەگەڵیـــان دەکرێـــت. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیـــدا، بەهـــۆی لاوازبوونی دامـــەزراوە کارگێڕییـــەکان و نەبوونـــی میکانیزمـــی چارەســـەرکردنی یاســـایی،

نارەزایەتی بـــووە مەترســـییەک بۆ بوونی ڕژێم. بەم شـــێوەیە، وەڵامی سیســـتەم بۆ نارەزایەتـــی گۆڕاوە بۆ ســـەرکوتی فیزیکی، گرتـــن، تۆقاندن و کوشـــتن.

لە ڕوانگەی شـــارپەوە، ئـــەم ڕووداوە نیشـــان دەدات کـــە کاتێک دامـــەزراوە کارگێرییەکان ناتوانن بریـــارە ئابوورییەکان بە شـــێوەیەکی پێشـــبینیکراو و نۆرماتیڤ جێبەجـــێ بکەن، سیســـتەم پەنـــا دەباتە بـــەر زۆرەملێ بـــۆ وەســـتاندنی ئەنجامی سیاســـی. کەواتە، شـــەرعیەتی پراگماتیک (توانای بەڕێوەبردن) و شـــەرعیەتی ئەخلاقی (بێلایەنیـــی یاســـا) لە یـــەک کاتدا تێک دەچن، و ســـەرکوت دەبێتـــە جێگرەوەی حوکمڕانی.

ڕژێـــم زۆر جـــار هـــەوڵ دەدات نارەزایەتییـــەکان بـــە هـــۆی هێرشـــە دەرەکییـــەکان، دەســـتوپێوەندی بیانی یان "دوژمـــن" بناســـێنێت. ئەم ســـتراتیژییە نەک تەنها بـــۆ هەڵگری بوونی سیاســـی بەکاردێـــت، بەڵکوو بۆ پشـــکنینی ناوخۆیی و ڕەواندنـــەوەی هێـــزی ســـەرکوت بۆ ناو کۆمەڵـــگا بـــەکار دەهێنـــێ. بـــەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیـــە هـــۆکارە بنەڕەتییەکانی نارەزایەتـــی دەرناخـــات؛ بـــە پێچەوانەوە، ناکارامەییی دامـــەزراوەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئاســـایی زیاتر ئاشـــکرا دەکات.

کاتێـــک ســـەرکوت وەک شـــێوازی ســـەرەکیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان دادەنرێت، لەخۆیـــدا میکانیزمێکی دارمان دروست دەکات. ســـەرکوت، هەرچەندە لە کورتخایەنـــدا دەتوانێـــت نارەزایەتییەکان بوەســـتێنێت، بەڵام لـــە هەمـــان کاتدا متمانـــەی دامەزراوەیی، شـــەرعیەتی نۆرماتیڤ و توانـــای کارگێڕیـــی زیاتر تێـــک دەدات. بەم شـــێوەیە، هێـــزی ســـەرکوت نابێتە ئامرازێکی چاکســـازی، بەڵکوو دەبێتە هۆی خێراتربوونـــی دارمانـــی دامەزراوەیی.

لـــە ئـــەم داینامیکەدا، باڵانســـی هێز بە شـــێوەیەکی هێواش، بەڵام بـــەردەوام، دەگۆڕدرێت. ناوەندە ئەمنییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لـــە دەرەوەی چاودێریی مەدەنی و یاســـایی کار دەکەن، ڕۆڵی ســـەرەکی لە بڕیاردان و جێبەجێکردن دەگرنە دەســـت. لـــە جیاتی ئەوەی دامـــەزراوە مەدەنییەکان بڕیار بدەن، ســـەرکوت و کۆنتـــڕۆڵ دەبنە ئامرازەکانی حوکمڕانی. ئەم گواســـتنەوەیە بۆ ناوەندە ئەمنییـــەکان، پارچەپارچەبوونی دامەزراوەیی و جیابوونـــەوەی دامەزراوەیی زیاتر قـــووڵ دبێتەوە.

ئەنجامی ئەم دۆخە لـــە ژیانی کۆمەڵگا بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ دەردەکەوێت. کۆمەڵگا، لە جیاتی ئەوەی وەک شەریکێکی سیاســـی مامەڵەی لەگـــەڵ بکرێت، وەک مەترســـییەک بـــۆ مانـــەوەی حوکمڕانی دەبینرێـــت. هاووڵاتیـــان لەژێـــر ترس و تۆقاندنەوەدا ناچـــار دەبن ڕەفتـــارەکان و داواکارییەکانـــی خۆیان بشـــارنەوە، نەک لە ڕێگەی یاســـا و دامەزراوەکانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی بێدەنگی، کۆچکـــردن یان پەنابردنە بەر تـــوڕە نافەرمییـــەکان. بەم شـــێوەیە، سەرکوت نەک تەنها شـــەرعیەت دروست ناکات، بەڵکوو پەیوەندیـــی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵـــگا لە بنەڕەتدا دەشـــکێنێت.

بەم پێشـــخانە دەکرێت بڵێین، سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیدا نە نیشـــانەی هێزی سیاسییە و نە دەرئەنجامی بوونی حوکمڕانی بەهێز؛ بەڵکوو نیشانەی بێتوانایی سیستەم لـــە بەکارهێنانی ئامـــرازە ئاســـاییەکانی حوکمڕانییە. ئـــەوەی دەبینرێت بریتییە لە حوکمڕانـــی بە زۆرەملێ، نـــەک حوکمڕانی بـــە دامـــەزراوە. لـــەم دۆخـــەدا، ڕژێم

دەتوانێت بە شێوەیێکی کاتی لە ژیاندا بمێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت شەرعیەتێکی نوێ یان توانای کارگێڕی دروست بکات.

لە کۆتاییدا، کاتێک سەرکوت جێگرەوەی حوکمڕانی دەبێت، زنجیرەی دارمانی دامەزراوەیی داخراو دەبێت: شکستی کارگێڕی → دارمانی شەرعیەت → پەنا بردن بۆ سەرکوت → خێراتربوونی دارمانی دامەزراوەیی. ئەم داینامیکە ڕێژیمێک دروست دەکات کە دەسەڵات هەیە، بەڵام حوکمڕانی نییە.

## پاوانخوازیی ئیداری

ئێران ئەمڕۆ دەتوانرێت وەک نموونەیەکی دیاریکراوی نەزمی سیاسی وەسف بکرێت کە تێیدا پاوانخوازیی ئیداریی تێپەڕیوی بووە. لەم دۆخەدا، دەسەڵاتی سیاسی و توانای زۆرەملێی بەردەوامن، بەڵام حوکمڕانی بیرۆکراتی ڕووخاوە. دامەزراوە فەرمییەکان هێشتا لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە، بەڵام توانایان بۆ پێکهاتەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاسایی تا ئاستێکی زۆر هەڵوەشاوەتەوە. ڕێژیم کۆنترۆڵی خۆی پاراستووە، بەڵام ناتوانێت ژیانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی یەکگرتوو، پێشبینیکراو و کارا بەڕێوە ببات.

ئەگەر ئەم دۆخە لە ڕوانگەی هانا ئارێنتەوە بخوێنرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت بە جیاوازییەکەی نێوان (Power و Violence) تێ بگەین. ئارێنت لە کتێبی On Violence دا دەڵێت، هێز (Power) لە ڕێگەی پەیوەندی و ڕێککەوتنی سیاسی دروست دەبێت، بەڵام زۆرەملێ (Violence) جێگرەوەی هێز نابێت؛ بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە کە هێز تێک چووە. لەو سیستەمەی کە سەرکوت بە شێوازی سەرەکیی حوکمڕانی دەگۆڕدرێت، دەسەڵات بە شێوەیەکی فەرمی بەردەوام دەبێت، بەڵام هێزی دامەزراوەیی و شەرعیەت لە ناوەوە دەڕووخێت.[22]

پاوانخوازیی ئیداری لێرەدا بە مانای لاوازبوونی تاکتیکی یان شکستی کاتیی دامەزراوەکان نییە؛ بەڵکوو بریتییە لە دۆخێک کە تێیدا پێکهاتە فەرمییەکانی دەوڵەت هێشتا بوونیان هەیە، بەڵام توانای کارکردنیان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانی لەدەست داوە. وەزارەتەکان، دادگاکان و دەزگاکانی ڕێکخستن لە ڕووی ناونیشانەوە بەردەوامن، بەڵام لە ڕووی بڕیار، هەماهەنگی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن پەراوێز خراون.

بە پێچەوانەی ڕژێمە توتالیتارییە کلاسیکییەکان وەک نازییەکان یان یەکیەتیی سۆڤیەتی کە بیرۆکراسییەکی ناوەندی و یەکگرتوو دروست دەکەن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت، لە ئێراندا پێکهاتەی حوکمڕانی لە پارچەپارچەبوونی دامەزراوەیی و زاڵبوونی ناوەندە هاوتەریبەکان پێکهاتووە. ئەم دۆخە لە چوارچێوەی ئارێنتدا دەتوانرێت وەک گواستنەوە لە "InStitutional Rule" بۆ "Movement Rule" بخوێنرێتەوە؛ یان بە مانای حوکمڕانی بە تۆڕی سیاسی و ئەمنی، نەک دامەزراوەیی.[23]

نموونەیەکی ڕوونی ئەم گواستنەوەیە زاڵبوونی سپای پاسداران لە بواری ئابووری و سەربازی.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، سپا بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەشێکی گرنگی پرۆژە ژێرخانییە گەورەکان، گرێبەستی وزە، بەندەرەکان و ئۆپەراسیۆنە گومرگییەکانی کۆنترۆڵ کردووە. ئەم گواستنەوەیە نەک

به پرۆسەی شەفاف و کێبڕکێی بازاڕ، بەڵکوو لە ڕێگەی تۆڕی ئەمنی و پاڵپشتی سیاسی ئەنجام دراوە. بەم شێوەیە، وەزارەتە مەدەنییەکان ناونیشانیان پاراستووە، بەڵام بڕیار لە دەرەوەی ئەوان دراوە.

لە ڕوانگەی ئارێنتدا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە سیستەم بەردەوامیی خۆی لە ڕێگەی بیرۆکراسییەکی کارا نەدۆزێتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی تۆڕی نزیک بە دەسەڵات و ڕێکخستنی هێزی زۆرەملێ پاراستووە. ئەمەش هەمان دۆخی "Rule by Decree"ـە، کە تێیدا یاسا بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو جێبەجێ دەکرێت، نەک بە شێوەیەکی یەکسان و نۆرماتیڤ.

لە لایەکی دیکەوە، ڕێژیم بۆ خۆڵکردنە چاوی دەرەوە، بە شێوەیەکی فەرمی هەڵبژاردن، دادگاکان، دەزگاکانی ڕێکخستن و چوارچێوە یاساییەکانی پاراستووە. بەڵام جێبەجێکردنی یاسا لە ئیختیاری ڕێبەر و ناوەندە ئەمنییەکان یان هاوتەرییەکان وەک سپا و ئیتلاعاتدایە.[٢٤]

زۆر جار ڕێسا ئابوورییەکان لە ڕێگەی ڕێنماییی تایبەتەکانەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، مۆڵەتەکان بە تۆڕی پاڵپشتیی نافەرمی دەدرێن، و دەرئەنجامە دادوەرییەکان بەپێی ڕێکخستنی سیاسی جیاوازن، نەک بەپێی یاسای کۆدکراو. ئەم شێوازە هەماهەنگیی بیرۆکراتی تێک دەدات و نیشانەی گواستنەوەی حوکمڕانییە لە دامەزراوەییەوە بۆ حوکمڕانی ئیختیاری؛ حوکمڕانییەک کە پابەندبوون تێیدا زیاتر بە نزیکی دەسەڵاتەوە پەیوەستە تا پابەندبوون بە ڕێکارە کارگێڕییەکان.[٢٥]

لە کۆتاییدا، سەرباری بەهێزکردنی توانای سەرکوت، پاوانخوازی ئیداری لە بێتوانایی ڕێژیم بۆ جێبەجێکردنی حوکمڕانی ئاسایی بەڕوونی دەردەکەوێت.

هەڵاوسانی بەردەوام، دابەزینی دووبارەی بەهای دراو، کورتهێنانی درێژخایەنی بودجە و شکستی دووبارەبوونەوەی سیستەمی کارەبا، ئاو و خانەنشینی، هەموویان وێنەی ڕێژیمێک نیشان دەدەن کە دەتوانێت نارەزایەتییەکان سەرکوت بکات، بەڵام ناتوانێت سەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرێوە ببات.[٢٦]

مانگرتن و نارەزایەتیی سەرتاسەری لەلایەن مامۆستایان، کارمەندانی تەندروستی، خانەنشینان و فەرمانبەرانی شارەوانییەکان، بوونەتە تایبەتمەندییەکی ڕێکوپێکی دیمەنی سیاسیی ئێران؛ ڕەنگدانەوەی شکستی سیستماتیکی لە پێدانی حەقدەست، ئیدارەی بیمەی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

کەواتە، پاوانخوازی ئیداری ئەنجامی ئەو زنجیرەیەیە کە لە دارمانی کارگێڕی دەست پێ دەکات، بە دارمانی شەرعیەت تێپەڕ دەبێت و لە کۆتاییدا بە سەرکوت و زاڵبوونی ناوەندە ئەمنییەکان کۆتایی دێت. ئەم دۆخە نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی توانای مانەوەی سیاسی هەیە، بەڵام توانای بنیاتنانی نەزمێکی ئیداریی سەقامگیر و درێژخایەن نییە.لە ئەگەری سەرنەکەوتنی پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیم، ئایا ڕێژیم دەتوانێ شەرعیەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە؟

ئەگەر وای دابنێین کۆماری ئیسلامی بتوانێت لە بەرانبەر شۆڕشە نێوخۆییەکاندا بەرگە بگرێت و نەڕووخێت، یان هەتا لە ئەگەری هێرشی دەرەکی، بایکۆتی ئابووری و فشارە نێودەوڵەتییەکاندا بەردەوام بمێنێتەوە، هێشتا ئەو پرسیارە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە:

ئایا ئـــەم ڕێژیمـــە دەتوانـــێ دووبارە دەوڵەتێکی کارا، ســـەقامگیر و شـــەرعی لە ڕووی ئیدارییـــەوە بنیـــات بنێتەوە؟

لە ڕوانگەی شیکارییەکانی ئەم وتارەوە، وەڵامی ئەم پرســـیارە زیاتـــر مەنفییە. نەک تەنها بەهـــۆی نەبوونی ئیرادەی سیاســـی، بەڵکوو بەهۆی ســـنووردارییە بنەڕەتییەکان لە ناوخـــۆی لۆژیکـــی حوکمڕانییەکەدا. لە ماوەی نزیکـــەی پەنجا ســـاڵی حوکمڕانی کۆمـــاری ئیسلامیـــدا، یەکـــە ئیدارییە فەرمییـــەکان وردەوردە شـــوێنی خۆیان داوە بـــە پێکهاتەی دەســـەڵاتی نافەرمی، دامەزراوە هاوتەریبـــەکان و تۆڕەکانی ڕانت. ئـــەم گۆڕانکارییە نەک تەنیا دەســـەڵاتی تاکەکەســـییەکان لاواز کـــردووە، بەڵکوو شـــێوازی حوکمڕانـــی خۆشـــی گۆڕیوە.[٢٧] دەوڵەت وەک ناوەندێکـــی ڕێکخراو نادیارتر بووە و شـــوێنی خۆی داوە بە پێکهاتەیێکی پارچەپارچـــە و دارماو.

لـــە وەهـــا دۆخێکـــدا بووژانـــەوەی شـــەرعیەتی ئیداری تەنیا بە چاکســـازی تەکنیکی، گۆڕینـــی مێتۆد یان گەورەکردنی بیرۆکراســـی چارەســـەر ناکرێ. کێشەکە لە ئاســـتی ژێرخانەوەیە: ئـــەو پێکهاتەیەی کە دەبێـــت بڕیاردەر بێت، بەرپرســـیارەتی هەڵبگرێت و جێبەجێکـــردن بەردەوام بکات بۆخۆی تێک چووە. بۆیـــە هەموو هەوڵێک بۆ "چاکســـازی" لـــە ناو هەمـــان لۆژیکی حوکمڕانیدا زۆر جار تەنیا گۆڕینی شـــێوەیە نەک نـــاوەرۆک.

دەوڵەتـــی ئیـــداری تەنیا لـــەو کاتەدا دەتوانێـــت کارا بێـــت کـــە دامەزراوەکانی وەک ناوەنـــدە بێلایەن و پیشـــەییەکان، لە ڕاســـتای خزمەتکردنی گشـــتی و یاسادا کار بکـــەن. لـــە ئێراندا ئەم ســـیفەتانە بە شـــێوەیەکی سیســـتماتیک لاواز کراون. دادگاکان چیتر وەک ناوەندێکی دادپەروەری ســـەربەخۆ ناســـراو نین، بەڵکوو زۆر جار وەک ئامرازێکی سیاســـی و سەرکوتکار لە خزمەت پاراســـتنی نیزامـــدا کار دەکەن.

هەروەهـــا، سیســـتەمی مۆڵەتـــدان و ڕێکخســـتن، لـــە جیاتی ئـــەوەی وەک خزمەتگوزارییەکـــی گشـــتی کار بـــکات، کەوتووەتە ژێـــر قۆرخی تـــۆڕە نافەرمی و دەستوپێوەندە تایبەتمەندەکان، کە بەکارهێنانی دەســـەڵات و پەیوەندی بۆ قازانجی دارایی یـــان سیاســـی بەکاردەهێنن.[٢٨]

بەڕێوەبردنـــی ئابـــووری لـــە ئێراندا زیاتر لەســـەر بنەمـــای کاردانـــەوەی کاتی و هەڵســـەنگاندنی بەپەلەی دۆخەکانە، نەک پلاندانانی ســـتراتیژیی درێژخایـــەن. بڕیارە داراییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی و نافەرمی دەدرێـــن و زۆرجار هیـــچ ئامانجی ڕوون، پلانێکی سیســـتماتیک یان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پشـــتەوەیان نییە.

بۆیـــە دەکرێ بڵێین ئەوەی پێویســـتە، بنیاتنانـــەوەی نۆرمـــە ڕێکخراوەییەکانـــە، دارشـــتنەوەی پێکهاتـــەی دامەزراوەیی و گەڕاندنـــەوەی ســـەروەری بڕیـــاردان بۆ یەکـــە ئیدارییـــەکان و بـــۆ دادگاکان ئەو ســـەروەرییەی کە ماوەیەکـــە لەناوچووە.

کاتێک ڕانت و دۆســـتایەتی شـــوێنی دێموکراســـی دەگرێتەوە، کاتێک حوکمڕانی یاســـایی جێگای حوکمڕانـــی تایبەتمەند دەگرێتـــەوە، و کاتێـــک بیرۆکراســـی پیشـــەیی بە لۆژیکی ئەمنـــی دەگۆڕدرێت، دینامیکییەکـــی خۆبەهێزکـــەر دروســـت دەبێت کـــە لاوازبوونـــی دامەزراوەیی خۆی دووبـــارە بەرهـــەم دەهێنێتەوە.

بۆیـــە هەوڵەکان بۆ ســـەقامگیری لەناو ئەم سیســـتەمەدا زۆرجـــار فۆڕمی هێمادار

یان سەرکوتکەرانەیان هەیە. قەیرانە ئیدارییەکان نەک بە چاکسازیی پێکهاتەیی، بەڵکوو بە ڕێوشوێنی کاتی، فەرمانی بەپەلە یان زۆرەملێ وەڵام دەدرێنەوە. ئەم شێوازە ڕەنگە لە کورتخایەندا ڕێکوپێکی دروست بکات، بەڵام توانای ئیداریی دەوڵەت ناگەڕێنێتەوە؛ بە پێچەوانەوە، پشتبەستن بە چارەسەرە نافەرمییەکان لاوازبوونی ئەو دامەزراوانە خێراتر دەکات کە پێویستیان بە دووبارە بنیاتنانەوە هەیە.

بەدەستهێنانەوەی شەرعیەت لە بواری ئیداری و پیشەییەوە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم پێکهاتانە هەیە: ئابووری، ئەمنی، ئیداری و قەزایی. ئەمەش بە مانای دابەشکردنەوەی دەسەڵات، سەرچاوە و جیاوکەکان (ئیمتیازات) دوور لەو تۆڕانەیە کە ئێستا پشتەوانەی سەرەکیی ڕێژیمن—وەک ئەم شتێکەش، بۆ خودی ڕێژیم، مەترسییەکی بنەڕەتییە.

لەوانەیە ڕێژیم بتوانێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵ، چاودێری و سەرکوتکردنی خەڵکەوە بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتێک کە خاوەنی نەزمێکی ئیداریی بێلایەن، پیشەیی و شەرعی بێت. بەکورتی، درێژکردنەوەی سیاسی ئەگەر مومکینیش بێت، بەڵام ئاساییکردنەوەی ئیداری ڕوو نادات.

بەم پێیە، داهاتووی ئەم نیزامە نەک لە "دووبارەبوونەوە" بە مانای کلاسیکییەکەی، بەڵکوو لە قووڵبوونەوەی دۆخی دەسەڵات بەبێ ئیدارەدا دەبینرێت:

دەسەڵات بەبێ حوکمڕانی، کۆنترۆڵ بەبێ نەزم، و سەقامگیری بەبێ شەرعیەت. ئەم بارودۆخە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بەردەوام بێت، بەڵام ناتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ نەزمێکی دەوڵەتی بەردەوام، بەبێ پچڕانی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی کە دارمانەکەیان بەرهەمهێناوە.

## دەرەنجام

ئەم وتارە قەیرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی دامەزراوەیی و ئیدارییەوە شی کردووەتەوە، نەک ناجێگیریی سیاسیی کاتی یان کەمبوونەوەی شەرعیەتی جەماوەری. کێشەکانی ڕێژیم پێکهاتەیی و درێژخایەنن و ڕەگیان لە دارمانی سیستماتیکی توانای ئیداری و دامەزراوەیی دەوڵەتدا هەیە؛ دارمانێک کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمەوە دەستی پێ کردووە و بە تێپەڕبوونی کات قووڵتر بووە.

دەوڵەت، بەهۆی سیاسیکردنی بیرۆکراسی، پارچەپارچەبوونی بڕیار و دروستکردنی پێکهاتەی دەسەڵاتی هاوتەریب، توانای حوکمڕانی لە ڕێگەی دامەزراوە بنەمادار، یاسایی و پێشبینیکراوەکانەوە لەدەست داوە. دامەزراوە فەرمییەکان هێشتا لە ڕووی ناونیشان و بوونەوە بەردەوامن، بەڵام لە ڕووی کردەوە سەربەخۆیی، هەماهەنگی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان نییە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەوڵەت چیتر وەک سیستەمێکی ئیداریی یەکگرتوو کار ناکات، بەڵکوو وەک تۆڕێک لە ناوەندی دەسەڵاتی نافەرمی کار دەکات کە بەرپرسیارێتی و حوکمڕانی لەناویدا هەڵدەوەشێتەوە.

بەکورتی، ئەم هەڵسەنگاندنە بەو ئەنجامە دەگات کە قەیرانی شەرعیەتی ڕێژیم هۆکاری لاوازبوونی دامەزراوەیی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی ئەو لاوازبوونەیە. کاتێک دەوڵەت توانای پێشکەشکردنی

حوکمڕانی بنەڕەتی، دڵنیایی یاسایی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی لەدەست دەدات، شەرعیەت لە هەموو ڕەهەندەکاندا تێک دەچێت. بەم پێیە، زیادبوونی پشتبەستنی ڕژێم بە سەرکوت وەک نیشانەی هێز تێ ناچێت، بەڵکوو وەک جێگرەوەیەک بۆ توانای ئیداری و دامەزراوەیی لەدەستچوو دەردەکەوێت.

دەرئەنجامەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی ڕاگوزەری کاتیدا نییە، بەڵکوو لە دۆخی دارمانی دامەزراوەیی پێشکەوتوودایە. هەرچەند ڕێژیم دەتوانێت لە کورتخایەندا لە ڕێگەی زۆرەملێیەوە کۆنترۆڵی سیاسی بپارێزێت، بەڵام مەرجەکانی حوکمڕانی دەوڵەتی درێژخایەن و بەردەوامی بوونی نییە. بەم مانایە، وتارەکە ئاماژە بە پرۆسەیەک دەکات کە تێیدا دەسەڵات بەبێ دەوڵەتێکی کارا بەردەوام دەبێت.

مانەوەی ڕژێم، کە بەستراوەتەوە بە ناوەندە ئەمنییەکان و یەکە ئیدارییە قۆرخکراوەکان، ناتوانێت جارێکی دیکە خۆی لە بنەڕەتەوە ڕێک بخاتەوە. ڕەنگە کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی زۆرەملێ بۆ ماوەیەک بتوانێت خۆی بسەپێنێت، بەڵام ناتوانێت نەزمێکی ئیداری سەقامگیر بنیات بنێت، بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆڕە لێکبەستراوە ئەمنییەتی و سیاسییەی کە خۆی بناغەی ئەم دارمانە بوون.

## پەراوێزەکان:


1. Weber, M. (1978). Economy and society: An outline of interpretive sociology (G. Roth & C. Wittich, Eds.; E. Fischoff et al., Trans.). University of California Press. (Original work published 1922).

2. Mark C. Suchman, "Managing Legitimacy: Strategic and Institutional Approaches," Academy of Management Review 20, no. 3 (1995): 571–610.

3. Fritz W. Scharpf, Governing in Europe: Effective and Democratic? (Oxford: Oxford University Press, 1999).

4. John W. Meyer and Brian Rowan, "Institutionalized Organizations: Formal Structure as Myth and Ceremony," American Journal of Sociology 83, no. 2 (1977): 340–363.

5. Paul J. DiMaggio and Walter W. Powell, "The Iron Cage Revisited: Institutional Isomorphism and Collective Rationality in Organizational Fields," American Sociological Review 48, no. 2 (1983): 147–160.

6. Joel S. Hellman, Geraint Jones, and Daniel Kaufmann, "Seize the State, Seize the Day: State Capture, Corruption, and Influence in Transition," World Bank Policy Research Working Paper no. 2444 (2000).

7. Bo Rothstein and Jan Teorell, "What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions," Governance 21, no. 2 (2008): 165–190.

8. Francis Fukuyama, Political Order and Political Decay: From the Industrial Revolution to the Globalization of Democracy (New York: Farrar, Straus and Giroux, 2014).

9. Abrahamian, Ervand, The Coup: 1953, the CIA, and the Roots of Modern U.S.–Iranian Relations. New York: The New Press, 2013.

10. Kevan Harris, "The Rise of the Subcontractor State: Politics of Pseudo-Privatization in the Islamic Republic of Iran," International Journal of Middle East Studies 45, nr. 1 (2013): 45–70

11. Revolutionary Guards buy 51% stake in Iran's telecommunications company, The Guardian, October 7, 2009,

12. Ali Alfoneh, Iran Unveiled: How the Revolutionary Guards Are Transforming Iran from Theocracy into Military Dictatorship (Washington, DC: AEI Press, 2013), 87–112.

13. Steve Stecklow, Babak Dehghanpisheh, and Yeganeh Torbati, “Assets of the Ayatollah: The Economic Empire Behind Iran’s Supreme Leader,” Reuters Investigates, November 11, 2013

14. Joel S. Hellman, Geraint Jones, and Daniel Kaufmann, “Seize the State, Seize the Day: State Capture, Corruption, and Influence in Transition,” World Bank Policy Research Working Paper no. 2444 (2000).

15. International Monetary Fund, World Economic Outlook Database: Inflation (Iran), April 2025.

16. “Protesters Demand Their Deposits From Credit Institutions,” Radio Farda, May 30, 2017.

17. E. Tamassoki, J. Momeni Damaneh, and S. M. Tajbakhsh Fakhrabadi, “Analysis of Natural Resource Governance in Iran Based on the NRGF Framework,”Water Harvesting Research 8, no. 1 (2025): 141–162.

18. Rothstein, Bo, and Jan Teorell, “What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions.” Governance 21, no. 2 (2008): 165–190.

19. Gerschewski, Johannes, “The Three Pillars of Stability: Legitimation, Repression, and Co-optation in Autocratic Regimes.” Democratization 20, no. 1 (2013): 13–38.

20. Max Weber, Economy and Society: An Outline of Interpretive Sociology, ed. Guenther Roth and Claus Wittich. (Berkeley: University of California Press, 1978), 956–958.

21. Special Report: Iran’s Leader Ordered Crackdown on Unrest – ‘Do Whatever It Takes to End It,’” Reuters, December 23, 2019.

22. Hannah Arendt, On Violence (New York: Harcourt, Brace & World, 1970), 44–56.

23. Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism (New York: Harcourt, Brace & Company, 1951), chap. 10.

24. Ervand Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton: Princeton University Press, 1982), chap. 9.

25. John W. Meyer and Brian Rowan, “Institutionalized Organizations,” American Journal of Sociology 83, no. 2 (1977): 340–363.

26. International Monetary Fund, Islamic Republic of Iran: Staff Report for the Article IV Consultation (Washington, DC: IMF, 2023).

27. Ervand Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton: Princeton University Press, 1982), chap. 9.

28. Ali Alfoneh, Iran Unveiled (Washington, DC: AEI Press, 2013), 101–135.

## سەرچاوەکان

[1]: Weber, M. (1978). Economy and society: An outline of interpretive sociology (G. Roth & C. Wittich, Eds.; E. Fischoff et al., Trans.). University of California Press. (Original work published 1922) World Bank. (2024). Worldwide governance indicators.
https://www.worldbank.org/en/publication/worldwide-governance-indicators.

[2]: Suchman, M. C. (1995). Managing legitimacy: Strategic and institutional approaches. Academy of Management Review, 20(3), 571–610.
https://doi.org/10.5465/amr.1995.9508080331

[3]: Scharpf, F. W. (1999). Governing in Europe: Effective and democratic? Oxford University Press, 1999).
Governing in Europe - Paperback - Fritz Scharpf - Oxford University Press.

[4]: Meyer, J. W., & Rowan, B. (1977). Institutionalized organizations: Formal structure as myth and ceremony. American Journal of Sociology, 83(2), 340–363.
https://doi.org/10.1086/226550

[5]: DiMaggio, P. J., & Powell, W. W. (1983). The iron cage revisited: Institutional isomorphism and collective rationality in organizational fields. American Sociological Review, 48(2), 147–160. https://doi.org/10.2307/2095101.

[6]: Joel S. Hellman, Geraint Jones, and Daniel Kaufmann, “Seize the State, Seize the Day: State Capture, Corruption, and Influence in Transition,” World Bank Policy Research Working Paper no. 2444 (2000).
Open Knowledge Repository

[7]: Bo Rothstein and Jan Teorell, “What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions,” Governance 21, no. 2 (2008): 165–190.
What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions - ROTHSTEIN - 2008 - Governance - Wiley Online Library

[8]: Francis Fukuyama, Political Order and Political Decay: From the Industrial Revolution to the Globalization of Democracy (New York: Farrar, Straus and Giroux, 2014).

Review: Political Order and Political Decay: From the Industrial Revolution to the Globalization of Democracy by Francis Fukuyama on JSTOR

[9]: Abrahamian, Ervand, The Coup: 1953, the CIA, and the Roots of Modern U.S.–Iranian Relations. New York: The New Press, 2013.

[10]: Harris, Kevan. 2013. “The Rise of the Subcontractor State: Politics of Pseudo-Privatization in the Islamic Republic of Iran.” International Journal of Middle East Studies 45 (1): 45–70.
THE RISE OF THE SUBCONTRACTOR STATE: POLITICS OF PSEUDO-PRIVATIZATION IN THE ISLAMIC REPUBLIC OF IRAN | International Journal of Middle East Studies | Cambridge Core

[11]: Revolutionary Guards buy 51% stake in Iran’s telecommunications company.” The Guardian, October 7, 2009.
Revolutionary Guards buy 51% stake in Iran’s telecommunications company | Iran | The Guardian

[12]: Ali Alfoneh, Iran Unveiled: How the Revolutionary Guards Are Transforming Iran from Theocracy into Military Dictatorship (Washington, DC: AEI Press, 2013), 87–112.

[13]: Stecklow, Steve, Babak Dehghanpisheh, and Yeganeh Torbati.
“Assets of the Ayatollah: The Economic Empire Behind Iran’s Supreme Leader.” Reuters Investigates, November 11, 2013.
Reuters Investigates - Assets of the Ayatollah

[14]: Joel S. Hellman, Geraint Jones, and Daniel Kaufmann, “Seize the State, Seize the Day: State Capture, Corruption, and Influence in Transition,” World Bank Policy Research Working Paper no. 2444 (2000).
Open Knowledge Repository

[15]: International Monetary Fund. World Economic Outlook Database: Inflation, Iran. April 2025.
World Economic Outlook Database, April 2025

[16]: “Protesters Demand Their Deposits From Credit Institutions.” Radio Farda, May 30, 2017.
Protesters Demand Their Deposits From Credit Institutions

[17]: E. Tamassoki, J. Momeni Damaneh, and S. M. Tajbakhsh Fakhrabadi, “Analysis of Natural Resource Governance in Iran Based on the NRGF Framework,” Water Harvesting Research 8, no. 1 (2025): 141–162
Identifying Key Drivers of Watershed Governance within the Hydropolitical Context of the Harirud River

[18]: Rothstein, Bo, and Jan Teorell, “What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions.” Governance 21, no. 2 (2008): 165–190.

[19]: Gerschewski, J. (2013). The three pillars of stability: Legitimation, repression, and cooptation in autocratic regimes. Democratization, 20(1), 13–38.
https://doi.org/10.1080/13510347.2013.738860

[20]: Max Weber, Economy and Society: An Outline of Interpretive Sociology,
ed. Guenther Roth and Claus Wittich. (Berkeley: University of California Press, 1978), 956–958.

[21]: Reuters. “Special Report: Iran’s Leader Ordered Crackdown on Unrest – ‘Do Whatever It Takes to End It.’” December 23, 2019.
Special Report: Iran’s leader ordered crackdown on unrest - ‘Do whatever it takes to end it’ | Reuters

[22]: Arendt, Hannah. On Violence. New York: Harcourt, Brace & World, 1970.

[23]: Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism (New York: Harcourt, Brace & Company, 1951), chap. 10.
Re-Placing the Margin: (Non)Representations of Colonialism in Hannah Arendt’s The Origins of Totalitarianism on JSTOR

[24]: Ervand Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton: Princeton University Press, 1982), chap. 9.

[25]: John W. Meyer and Brian Rowan, “Institutionalized Organizations,” American Journal of Sociology 83, no. 2 (1977): 340–363.

[26]: International Monetary Fund, Islamic Republic of Iran: Staff Report for the Article IV Consultation (Washington, DC: IMF, 2023).

[27]: Ervand Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton: Princeton University Press, 1982), chap. 8.

[28]: Ali Alfoneh, Iran Unveiled (Washington, DC: AEI Press, 2013), 101–135.